# نۆ پارچە لە وێنەی حەوشەیەک، کە ناگیرێت

دانیال محەمەد
(پێنجوێن)



(١)

ئاسمانی ئێوارەت
ئامادەی وەرگرتنی هێڵی فلّچەی ئەو باڵندانەیە
کە ناویان نازانیت
لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەڕۆن
هەمدیس نازانیت
ئەوان دەسووڕێنەوە و دەسووڕێنەوە
لەوە زیاتر پێویستت بە هیچ نییە
تا دڵنیابیت

(٢)

من یەکەم کەس نیم
پێش من مانگ بینیبوونی:
سۆندەیەکی لەخۆئاڵاو
چەند قڵیش ئەولاتریش
درەختێکی بەخۆداهەڵزناو؛
بێئاگا لە یەک
هەردوو لە چاوەڕوانی بەیانیدا و
گەڕانەوەی ئاو

(٣)

تک
یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت...
تک
یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ...
تک:
بەلوعەی یەکێک لە بەرمیلەکانە
لە دەرەوەی ژماردنەکانی منەوە
تکە دەکات

تەنیا لەم حەوشەیەدایە کە لە کات
هەم تێ دەگەم، هەم تێ ناگەم

(٤)
سەیارەیەک لەودیو حەسارەوە
لەمێژە چاوەڕێیە
لێ گەڵاکان لە چاوی مندا
لەناکاو سوور دەبن
بیری جلە تەڕەکانم دەکەوێتەوە
ڕووەو تەنافەکە ئاوڕ دەدەمەوە
مینا ڕووناکیی لایتی سەیارەکە بۆ گەڵاکان
دەکەومە سەر جلە تەڕەکان:

چما منیش ئەمشەو خۆر نیم؟

(٥)
تا ڕادەیەک شاراوە لە کۆڵان
تا ڕادەیەک دیار لە ماڵە دراوسێوە
هەم خۆیان و هەم سێبەرەکانیان
سەما دەکەن
لە تاریکایی دەمەوشێواندا

(٦)
لە ڕەگەزی ئەو پێوەندییەی
لەنێوان باوەڕ و
ئەو ڕووناکییانەدا هەیە
کە شەوان دوای تێپەڕینی هەر سەیارەیەک
بۆ چەند چرکە
لەژێر دەرگاکەوە
دەڕژێنە سەر قاچەکان؛
وشەکانم لە پێوەندیدان
بە وێنەکانی ئەم حەوشەوە

(٧)
من و ئەم درەختانە
هەموو وەرزێک یەکترمان بینیوە
کەچی هێشتا نازانین چۆن
خەوەکانمان بۆ یەکتری بگێڕینەوە
ڕەشن گەڵاکان
لە خەوی ئەواندا،
دەدرەوشێنەوە ترسەکان
لە خەوی مندا؛
ئەوەی لە خەوی یەکتر دەیزانین
هەر ئەوەندەیە

(٨)
دەنگی باڵندەیەکە
بەسەر هیچ لقێکەوە نایدۆزمەوە؛
بیر لەوە دەکەمەوە
زۆربەی دەنگەکانی ناو سەرم
پێدەچێ سەر بەو جۆرە باڵندەیە بن
دەنگی یاریکردنی منداڵانی گەڕەک و سەیارەیەک
لە یەک کاتدا دەگەنە گوێم؛
هاونشینی هەندێک دەنگ
- چ لە ناو سەرمەوە بێن، یان لە دەرەوەی-
دەمترسێنێت

(٩)
بۆ هەرکوێ بڕۆیت
وێنە بەدوای خۆیدا وێنە دەهێنێت؛
هەروەک چۆن لەم شیعرانەدا هێنای
ترساو لەوە
سەرسام بەوە
بەو وێنانە سوکنایی خۆت دەدەیتەوە
کە تەنیا ئاماژەن بۆ خۆیان؛
یەکیانت لەم حەوشەیەدا دۆزییەوە:
ئەوەتا لەوێ..
کەمێک نزیکبوونەوە و
کەمێکیش سەرهەڵبڕینی دەوێت
تا ببینی چۆن
مێوەکە تەرزی خستووە.